وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل: تەقینەوەیەک لە نزیک باڵیۆزخانەکەمان لە نیودەلهی رووبدا

وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل رایدەگەیەنێت، تەقینەوەیەک لە نزیک باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە نیودەلهی پایتەختی هیندستان رووبدا.

ئەمڕۆ (سێشەممە 26ـی کانوونی یەکەمی 2023)، وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە، تەقینەوەیەک لە نزیک باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە نیودەلهی رووبداوە و هیچ زیانێکیش لەریز کارمەندانی باڵیۆزخانەکە تۆمار نەکراوە.

لەمبارەیەوە وتەبێژی حکومەتی ئیسرائیل رایگەیاند، پۆلیس هیندستان لەبارەی تەقینەوەکە دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە.

بەهەی هەرشەکانی ئیسرائیل بەسەر کەرتی غەززە، هەڕەشەکان بەسەر باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکانی ئیسرائیل لە جیهان زیادی کردووە.